www.kurdistannet.org
8-11-2005 14:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## من کەچاوم ئاشنای چەکی کیمیاوی بێت چۆن بەقەڵەمی نووسەری کاسەلێس نابینا دەکرێت ... ڕزگار ساڵح

ئەگەر تەمەن و کات پێوانەبن بۆ بڕیاردان لەسەر بەهرەو تواناکانی تاکەکانی کۆمەڵ، ئەوا کۆمەڵگا دەچێتە قاڵبی خێڵێکەوەو سەرۆک خێڵیش دەبێتە ناوەندی دەسەڵات و دەرکەوتنی هەر جۆرە داهێنان و گۆڕانکاری یەک دەبێتە مەترسی و هەموو ئیمکانیات و ئامرازەکان دەخرێنەگەڕ بۆ ڕێگەگرتن و تەفروکردنیان، بۆ بەجێبەجێکردنی جۆرێک لەم نەخشەو پیلانانەش پەنا دەبرێتە لاواز ترین و ناهۆشیارترین دەست و پێوەندەکان، کەبێ سڵەمینەوەو کوێرانە بەئەنجامی دەگەیەنن ٠ ئەرکی ئێستای ڕووناکبیرو نووسەرانی کوردستان شرۆڤەکردن و تاوتوێ کردنی ڕاستیە مێژوویەکانی خەباتی نەتەوەی کوردە، نەک چەواشەکردن و هەڵگێڕانەوە، ئەگەر هەڵەکان پەیوەستیش بن بەخودی ئەو حیزبەشەوە کەناوبراو بەموڵکی خۆی بزانێت و لەناویدا ڕەنجی دابێت خۆ ئەگەر وانەبێت دەبێتە هاوکارو هاوبەش و بەشێکی گەورەی کەم و کوڕیەکان و لەبەردەم مێژوو دا سەر شۆڕو شەرمەزار ی چارەنوسێتی ٠ کاتێک نووسەر دەبێتە قووتابیەکی تەمبەڵ و تەنها ئەرکی سەرلەقاندن و ڕازی بون بێت بۆ حیزب و سەرکردە، ڕۆڵی ڕاستەقینەی لەدەست دەدات و هەڵ دەخزێتە زەلکاوی خیانەت و خانەی دوژمنایەتی گەل و سەربازێکی گەلحۆی بێ ئاگای ئامادەباش بۆ سەرکوت کردنی ئەو دەنگەئازایانە، کەخوازیاری گۆڕانکاری بنەڕەتین لەسەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگا ٠ بەردەوامی دەسەڵاتی خێڵ و بنەماڵە لەکوردستان دا یەکێکە لەو کەلێن و بۆشایانە کەهەتا ئێستاش دوژمنانی کورد سوو دی لێ وەردەگرن و زۆر بەئاسانی بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان هەڵی دەسوڕێنن لەسەر حسابی ئامانجەڕەواو خواستە نەتەوەیەکانی کورد، خۆ ئەگەر دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی بنەماڵە هۆکارێک بن لەتیرۆرو تۆقاندن و کپ کردنی ناڕەزایی یەکانی خەڵک، ئەوا قەڵەمی چەواشەکاران دەبنەکێبڵ و سۆندەو جەستەی جەماوەری پێ کۆڵەوار دەکرێت و نووسینەکانیشیان دەبنەدەمامک و زارو چاوی خەڵکی پێ شەتەک دەکرێت ٠ بیر و هزری کۆن و سواو پاشڤەڕۆیی مەرجەکانی مانەوەی دەسەڵاتی خێڵەکین بۆیە بەبەردەوامی زاخاوی دەدەن و هەر جۆرەبیرێکی نوێ و تازەگەری ڕەت دەکەنەوە، ئەم کارەسپێردراوە بەقەڵەمە نەزۆکەکان و شێلگیرانەبێ هیچ سانسۆرو مەرجێک دەستیان ڕەها کردون بۆ سوکایەتی و جێو و درۆ بەرامبەر هەر نووسەرو ڕووناکبیرێک، کاتێک ناوێک یاخود قەڵەمێک ووتارێک، ئاخافتنێک لاپەڕەڕەشەکانی بنەماڵە هەڵدەداتەوە، شەلم کوێرم ناپارێزن و دوور لەهەر جۆرەیاساو ڕێسایەک و بنەماکانی ڕۆژنامەگەری دەڕشێننەوەو ئەو ووشەسووک و ناشازانەی لەباوکیانەوە بۆیان ماوەتەوە بەڕووی نووسەران دا دەیپرژێنن ٠ باشەئەگەر تەنها کۆ ن و تازەیی نوو سەر و کاتی دەرکەوتنی پێوانەبێت بۆ ئاستی ڕۆشنبیری، کەواتەدەبێ لەبواری سیاسی داو لەپۆست و لێپرسراویش دا هەمان ڕەواجی هەبێت ئەگەر وابێت کەسێکی هەرزەکاری وەک نێچیر بارزانی بێ ئەزموو ن لەکاری حیزبی و ئیداری دا چۆن دەکرێتە سەرۆکی حوکمەت و چارەنوو سی نەتەوەیەکی لەبەردەست دا بێت؟ ئەگەر سیستەمی خێڵەکی بەرقەرار نەبێت چۆن مەسرور بارزانی کاندیداتە بۆ بەرپرسی ئاسایشی نەتەوەیەک؟ کەهەستیار ترین دەزگای پارستنی قەوارەی گەلەو نەتەوەکانی جیهان خەڵکی پسپۆڕ و شارەزای تایبەتی بۆ ئامادەدەکەن، ئەگەر بابۆی مەسعودی تەمەن ١١ ساڵ

کوڕەزای بارزانی نەبێت دەبوایەئێستا وەک منداڵە کلۆڵەکانی ئەم گەلەیان گوڵەبەڕۆژ فرۆش یان شاگردی فیتەرێک بوایە٠ خۆ ئەگەر کەسێکیش لەمەفرەزە سەرەتایی یەکانی قیادەی موەقەتە بوبێت دەبوایە ئێستا پلەی کۆمیتەی نا وەندی یان هەرهیچ نەبوایە جێگری هێزێک بوایە کەئێستا کۆنەجاشێک فەرماندەیەتی ٠ ئەگەر ئەم بنەماڵەیە١٧٠ ساڵەسەرکردایەتی کورد دەکەن بۆچی کورد نەبۆتە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئازاد؟ یان هەر خەریک بوون بەسازش و مامەڵەی خیانەتکاری یەوەو هەر سەردەمێک بەرەو دەڤەرێک ڕەڤیون ٠ ئەو نەخش و کاریگەریانە کامانەن کەلەسەر مێژووی خەباتی کورد نەخشاندوویانە؟ بێجگە لەپاراستنی بەرژەوەندیەکانی بنەماڵەو چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ڕۆحی ناوچەگەری و شەقارکردنی یەکێتی نەتەوەی پارچەکانی کوردستان ٠ بەکام لۆژیک ڕەوایە بنەماڵەیەک زیاتر لەسەدەیەک خۆیان بەکوێخاو دەم ڕاستی نەتەوەیەک لەقەڵەم بدەن و دوژمنایەتیان لەگەڵ عەشایری ناوچەکە بخەنەقاڵبی شۆڕش و بیکەن بەموڵک بەسەرخەباتی کوردەوەو نووسەرانی دەرباریش ئەیکەن خەباتی نەتەوەو سەرۆکی بنەماڵەش بەباوکی کوردو سمبولی کوردایەتی و ئاشبەتاڵیش بەبەدەسکردو پیلانی دەرەکی لەبزووتنەوە لەقەڵەم ئەدەن، ئاخر خۆ شکست و سازشەکان تەنها جارێک نین تاکو خەتاکان لەملی بنەماڵە نەئاڵێن، بەڵکو لەو ڕۆژەوە جڵەو دراوەتە دەستیان بێجگەلە نەهامەتی و گلاندن هیچ بەرهەمێکی تریان بۆ ئەم گەلەنەبووە٠ کاتێک کەباس لەڕاستی ڕووداوەکان دەکرێت مانای هەڵڕشتنی قین و سووکایەتی کردن نیە، چەواشەکردنی خەڵک و شێواندنی قۆناغە مێژوویەکان دەچنەخانەی درۆو بوختان و سووکایەتی کردن بەخوێنی شەهیدان و ڕەنج و قوربانی و پیرۆزیەکانی نەتەوەکەمان، دژەکورد ئەوانەن کەڕاستیەکان لەمیللەت ئاوەژوو دەکەنەوەو کۆنەپەرست دەکەن بەشۆڕشگێڕ و ئاش بەتاڵ و خیانەت دەکەن بەسەرکەوتن و نیشتمان پەروەر، لەفەرهەنگی کام سیاسەت دا هێنانی لەشکری داگیرکەران کراوە بەوەرچەرخانێکی مێژوویی بۆ پاراستنی قەوارەیەکی نیشتمانی، ئێوەچۆن و کێ ڕێگای پێداون نووسەرانی ئازادی خواز بەخائین و سەرلێشاو کوێر لەقەڵەم بدەن، ئەوە سەرۆکەکەی ئێوەیە کەکۆنەپەرستەو قارەمانی داستانی ئاشبەتاڵە، ئەوەئێوەشن کەزوورناڵێدەرن و ڕێگرن لەبەردەم ئەو ڕۆشنبیرانەی کەخوازیاری شکاندنی ئەو سەهۆڵبەندەن کەساڵەهایە لەفرێزەری حیزبەکەتان پارێزراوە، ئێوە بێجگە لەبینینی ڕۆڵی جاسوسێک هیچی ترتان پێ ناکرێت، ئەگەر حیزبێک خاوەنی سەدو پەنجا هەزارچەکدار بێت، ئەی بۆچی لەشەو ڕۆژێک دا وەک بەفرەکەی پار توانەوە؟ کێ بووەڕێگر لەبەردەم ئەو مرۆڤە بەئەمەکانە بۆ درێژەپێدانی شۆڕش و مقاوەمەت؟ ئەو ڕۆڵە شۆڕشگێڕانە بەدەستی کێ کۆمەڵ کوژ کران ساڵی ٧٨ کەدەیان وویست شۆڕشی نوێ و هزری نوێ لەسەر تاسەری کوردستان بەرجەستەبکەن؟ کێ بوون کۆڵوانەسووری پێش لەشکری ئێران و ڕژێمی فاشیستی تورکیای کەمالی؟ ئەگەر بوێرن و کاسەلێس نین وەڵام بدەنەوەو با ڕۆشنبرانیش ئەو نازناوەتان لەسەر لا بەرن؟ بڕۆن پیا چوونەوەیەک بەنووسینەکانتانا بکەن، لەوەسف و پیاهەڵدان زیاتر بەسەرۆکی قارەمان و نەتەوەیی چ زانستێکی خستۆتە سەر مەعریفەی تاکی کورد؟ هەزار نووسینی تریش بنووسن لەو بازنەیەتێ پەڕ ناکات و وەک دەم و چاوی خەڵکی (چین) هەمووی لەیەک دەچێت، ئیوەهەتا ئەو ڕێبازی درۆو چەواشەکاریە پیادە بکەن دەبێ لەپۆلی یەکەمی عەقڵ و بیردا مراوەغەبکەن و دوا جارێش بەعەرەبانەیەکی دوو ئەسپی ڕەوانەی قەرارگاکەتان شۆڕدەکرێنەوە٠ من پەروەردەی بیر و ڕێبازی نوێم ولەهاوڕێ شەهیدەکانمەوە وانەی ڕەوشت و ڕێز فێر بووم نەک لەسەردەستی سەرۆک و بنەما خێڵەکیی یەدوا کەوتووەکان، سەیرە کەسێک ئاگاداری ژیان و کردەوەکانی

مرۆڤێک نەبێت، کەچی تۆمەتی زار پیسی و بوختان کەرو پڕوپاگەندەی بێ بنەمای بخرێتەپاڵ، یان ئێوە لەقوتابخانەی بنەماڵە دەرسی سیحرتان خوێندوەو هەر مۆرەهەڵ دەدەن و بەتەمای دەرچەیەک دۆلارن، سەیرەلەبارزان!!!!! هەر نووسەرێک بەڕادەی سەرەدەرزیەک بەلای سەرۆک دا قەڵەمەکەی گوزەر بکات، میلی لێ دەهێننەوەو ووتارەکانتا ن ئامادەیەو تەنها جێگەی ناوی نووسەری تاوانبار بە٠٠٠٠٠٠٠٠ ماوەتەوە، ڕۆژی داهاتوو و پێش مەلابانگان و کرێکاری خەباتەڕەوانەی سایتێکی دەکەن ٠ ئەمرۆ ڤانەکەژیانی ژێر دەستیان قبووڵ نەکردو ڕێگەی خەبات و شۆڕشیان هەڵبژارد، پێویستەوەک ئەرکێکی نەتەوەیی بینرخێنن و نەی کەن بەموڵک بەسەر خەڵکەوەو نازیان بەسەردا بکەن، بیرکردنەوەیەکی لەم جۆرەڕەتکردنەوەی ڕۆڵی جەماوەری شار و لادێکانەو بەهەند نەزانینیانە، دابەزاندنی بەهای شەهیدان و ئەنفال و قوربانیەکانە، کاتێک هەموو ئەم شتانەدەخرێتەلاوەوەو دەکرێتەموڵکی بنەماڵەیەک، ئا لێرەدا هێڵێک بەسەر گەل دا دەهێنرێت و کارەسات درووست دەبێت، ڕۆڵی کاسەلیێسی نووسەری چەواشەکار قووت دەبێتەوەو لەوەسف و پیا هەڵدان زیاتر سنوور نابەزێنن و دەرگاکانی گەندەڵی ئاوادەکرێتەوەو کۆمەڵگا دەکرێتەقوربانی سەرکر دەو دەسەڵات و زەنگەترسناکەکانی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەت لێ دەدرێت، خۆشەویستی سەرکردەمافێکی ڕەوای کەسەکانە، هەروەک چۆن خواپەرستی پەیوەندیەکی نێوان مرۆڤ و خوای خۆیەتی، بەڵام کاتێک هەست و سۆزو تایبەتمەندێکان تێکەڵ بکرێن بەچارەنووس و کێشەو خواستەکانی کۆمەڵگا، دەرەنجامێ نەرێتی لێ دەکەوێتەوەو تاکەکان دەبنەقوربانی و داهێنان و بەهرەکان لەگۆڕ دەنرێن و ئیتر سەرۆک و سەرکردەدەبنەخواو باوک و ئەهریمەن و سوڵتان و جەلادو سەرجان و بۆ پاراستنی خۆشیان دەستی پۆلیسەکان ڕەها دەکەن و جوانیەکانی کۆمەڵگا ئەتک دەکەن، هەر وەکو چۆن لەسەردەستی ئەم بەناو نوو سەرانەدەهۆڵی بۆ دەکوترێت ٠ کۆیری و نابنایی تەنها لەدەست دانی ئەندامەگرنگەکەی مرۆڤ نیەکەچاوە، کوێری چاوپۆشینەلەکەمووکوڕی، لەکۆیلەبوون لەبت پەرستی سەرۆک، لەشاردنەوەی ڕاستی، سووکایەتی بەئیرادەی گەل، ترس و گومان، شاردنەوەی ڕاستیەکان سەرکوت کردنی ئازادی تاکەکان، ڕووشاندنی کەرامەتی مرۆڤ، خولانەوەلەبیری خێڵەکی و کۆنەپەرستن، ماستاو و سەر لەقاندن، کۆیلەکردن و زیندان کردنی ژنان، کوشتن و تەسفیەکردنی بیر و هزر، بەستەڵەکی بیرو باوەڕ، کەسایەتی وابەستە، خیانەت لەقووربانیەکانی گەل هتد ٠٠ دەرەنجام خۆ قوتارکردنی کەسێتیم لەم سیفەتە قێزەونانەگەورەترین شانازیەو نای گۆڕمەوە بەسەرۆک و سەرکردەو مێژووی خەباتی پێ لیخن و لێڵ نا کەم، خەبات وماندوو بوونیشم پێشکەشە بەگەل و شەهیدانی سەنگەری ئازادی و بێ باکیشم لەهێرشی مەسینەهەڵگر هەروەک چۆن باکم نەبووەلەدڕندەیی بەعسی گۆڕبەگۆڕ، ئاخر کەچەکی ژەهراوی چاوەکانی نابینا نەنەکردم چۆن سڵ دەکەمەوە لەمەرەکەبی قەڵەمی نەزۆکان ٠

ڕزگار سالح هۆڵەندا rizgarsalih@hotmail. com